www.kurdistannet.org
بەکاتی ناوەندی ئەوروپا 18-5-2007 16:06

چاپخانەکەی وەزارەتی رۆشنبیری و ئەو هەواڵانەی نابیسترێن... کارەندێکی چاپخانەی رۆشنبیری

لەو رۆژەوەی چاپخانە تازەکەی رۆشنبیری کە لە سەردەمی (سامی شۆڕش) و هەر بە جهودی ئەویش هێنرایە هەولێر، چی دەزگای راگەیاندن و رۆژنامە هەبوو، بەتایبەتی ئەو رۆژنامانەی خۆیان بە ئەهلی دەزانن و کەچی سەرچاوەی پارەو پوولەکانیشیان دیارە لە کوێیە، کەوتنە دەهۆڵ کوتین، کە ئەو چاپخانەیە کار ناکات و بە کەڵکی کار کردن نایە و... هتد تا ئەم مەسئەلەیە هێندە درێژەی کێشا تەنانەت خودی کاك فەلەکەدین کاکەییشیان بە هەڵەدا برد لەوەی کە چاپخانەکە کار ناکات، ژبەر هەندی لە چەند دیمانەیەك لەگەڵ ئەو رۆژنامانەی لە خوایان دەویست قسەیەك بە سامی شۆرش بگوتری، بڵاویان دەکردەوە، تەنانەت کاك فەلەك وا ترسێندرابوو بەرامبەر ئەو چاپخانەیە کە ئیتر بگەڕێین شوێنێك بدۆزینەوە بۆ ناشتنی، ئیدی فەلەکیش بڕوای کردبوو دەیوت من ئەو چاپخانەیە وەرناگرم.

ئێستا ماوەی (6) مانگ تێپەڕبووەو چاپخانەکە لە قۆناخی تێست و تاقیکردنەوە تێپەڕیوەو، بەڕێوەبەرایەتی گشتی چاپخانە کە منداڵێکی هەرکییە، (6) مانگە کاری بازرگانی بەم چاپخانەیە بە بەرچاوی وەزیری رۆشنبیری کاك فەلەکەدین و بەڕێوەبەری گشتی دیوان و سەرجەم وەزارەت دەکات، کەچی کە وەزیر ئەبینی ئەڵی خودی ئەم ژی چاپخانەیە خرێ کوشتین، بلا کارناکات، هەمی خەتای سامی بوو، کەچی رۆژانە ئەم چاپخانەیە نەك تەنها رۆژ بەڵکو بەشەوو رۆژ کار دەکات بۆ کاری بازرگانی و دەرەوە، تەنانەت زۆر رۆژانی هەینی کار بەم چاپخانەیە دەکەن و رۆژانی شەممەش کە دەوامی حکومەت نییە ئەوا شەوو رۆژ چاپخانە لە خزمەتدایە، تەنانەت تەئسیری لە بازاڕیش کردووە، بۆ نموونە، دوێنی لە چاپخانەی حاجی هاشم بووم لەگەڵ حاجی هاشم و دڵشادی کوڕی حاجی هاشم دانیشتبووم و قسەمان دەکرد، ئەوان خۆیان بۆ نەگیراو وتیان ئەوە ئەم وەزیر (مەبەستیان فەلەکەدین بوو) و حکومەتە لە کوێیە، چاپخانەی وەزارەت ئیشەکانی خۆی (واتە بڵاوکراوەکانی) لە دەرەوە و بە پارەیەکی زۆر چاپ دەکات، کەچی بۆ کاری بازرگانی شەوان و هەینییانیش وچان نادەن چونکە پارەی تێدایە بۆ خۆیان، ئەمە چۆن فەلەکەدین و حکومەت رێگە دەدات، ئاخر ئێستا ئێمەش ئیشمان نەماوە هەمووی ئەوان دەیکەن، وتیان ئەوەیە کیدەیکات و کی دەیخوات.

کەچی راگەیاندن ئەی بۆچی قسە ناکات، رۆژنامەی میدیاو جەماوەر کە یەکێکیان داهاتەکەی و سەرچاوەی دارایی لە دەزگای ئاراسەو ئەوی تریش با بۆ خۆیان کەشفی کەن لەکوێیە، بۆچی ناچن راپۆرتێکی موحتەرەم لەسەر چاپخانەی نوێی رۆشنبیری بڵاو بکەنەوە؟؟ بزانن ئاخۆ بەم بی بازاڕییە بازاڕی چاپخانەکە چەندە گەرمەو ئەو کارانە داهاتەکانیان دەچێتە گیرفانی چەندکەسەوە کە بەرژەوەندی هاوبەش نوقتەی لیبڕیون. بڕۆن بپرسن ئەی رەقابەی ناوەندی لە کام دۆڵ و کام ئەشکەوت نووستووە، گازێکی لی بگرن و رایچەنێنن.

بڕۆن ئەو خەڵکەی پەیوەندن بەم چاپخانەیە بیاندوێنن، هەر لە وەزیری پێشوو (سامی شۆڕش) تا فەلەکەدین و بەڕێوەبەرو کارمەندان و تا ئەو خەبیرە ئەڵمانیانەی کە ئێستا ماوەیەکە لێرەن و هی خودی ئەو کۆمپانیایەن کە ئەو چاپخانەی لی هاتووەو چەندین جاریشە سەردانی ئەو چاپخانەیان کردووە و هەمیشەش سەردانی چاپخانەی ئاراس دەکەن ئەوانیش بدوێنن بزانن ئەوان ئێژن چی، ئەی دوکتۆر جەرجیس تۆ گوایا بەرپرسی رەقابەی ناوەندی و گەندەڵیش نیت ئەی چۆن قەبوولتە ئەم هەموو گەندەڵییە لەو چاپخانەیە بکرێت، ئەوە چۆنە وا ماتی جا توخوا ژیان ئەوەندە ماتییە دەهێنی.

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.